# مژدەی حیزبیکی کۆمۆنستی تازە بە تازە

**عادل ئیبراهیم**

جەماوەری کۆمۆنست ئیتر کاتی شادیو جەژنو خۆشییە، دەستگرن، هەڵپەرن، حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق راگەیەندرا، لە هەر شوێن ئمکان هەیە بیکەنە تەقەی خۆشی.

ئاسمانی بغداد روناك کەنو بەو خەڵکە راگەیەنن کۆتایی سیناریوی رەشە، قافلەی شۆرشی سۆشیالستی لە ئەلمانیاو کەنداوە بەم زوانە دەگاتە کوچەو کۆڵانو ماڵەکانتان، بەو خەلکە بلێن گەر زەحمەت نییە ئیوە بەس شورا پێك بینن، باقیەکەی عایدی ئەو حیزبە تازەیەیە.

دامەزراندنی ئەم حیزبە مژدەی ئازادبونی تەواوی کۆمۆنستەکانە لە ناو حیزبێکی تایبەتدا، ئازادی بیٚقەیدوشەرتو بیٚ ئەملاولایە لە بنەمای ریکخراوەیی، رزگاریە لە قەیدوبەندوتەوقی ریکخراوەیی...

مەرجی ئەندامەتی زۆر سادە، رۆشن، ئاسان، تەنها باوەرت هەبیٚ حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق وەرچەرخاوە بەلای بالّی راستدا ئەتوانی ئەندامی ئەو حیزبە بیتو فەعالیەت نەکەیتو ئابونەش نەدەی.

بەرنامە، ئامانج، ستراتیژ، تاکتیك یەك خەتی مونسەجەمو خالی بەهێزی ئەم حیزبەیە، ئەویش حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراقو حکمەتیەکانی ئێران بونەتە راستو خەتەرناکن.

ئاسان ترین مەسەلەی مەیدانی نەخشە دارشتنە بۆشۆرشی سوشیالستی، باوەرتان بێت ئیتر هیچی پیٚناوێت، هەرکات ئارەزووکەن، دوای دامەزرانی شوراکان بەبیٚ بونی هیچ هەلومەرجیٚ لە ماوەی 24 سەعات کەمتر جەماوەری کرێکار رێك دەخەنو شۆرشی سوشیالستی بەرقەرار دەکەن.

هیچ بنەماو سونەتی رێکخراوەیی ناناسن، رزگاربونو شۆرشێکی گەورەیە بەسەر مەوازینی حیزبیو سونەتی ئەساسنامەیدا.

_ ئەندامانی حیزب ئازادی کاملیان هەیە بەوەی ئەچنە کۆبونەوە یا ناچنە کۆبونەوە حیزبییەکان.

_ ئابونە ئازادە.

_ ئندامان لە هەر ئاستێکدا بن ئازادن دەچنە گۆنگرەی هەر حیزبێك، لەو گۆنگرەیەدا ئەتوانن بەدژی حیزبەکەی خۆشیان قسەوباس بکەن، ئەتوانن خۆیان کاندید بکەن بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە.

_ بۆت هەیە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چەند حزب بیت.

_ هیچ کۆمیتەیەکی بالا نییە بەسەر کۆمیتەکاندا

_ ئیمزا کۆکردنەوە بەدژی رابەری هەرکات دلّت بخوازیٚ ئازادە، رێگرتن پیٚی قەدەغەیە.

_ هەر ئەندامێکی حیزب نارەحەت بوو وە توانی دوو ئەندامی تر قانع کات، ئەتوانن فراکسیۆنی ئاشکراو روو بە کۆمەلگە راگەیەننو پرس بە هیچ مەرجەعێکی حیزبی نەکەن، فراکسیۆنەکەیان بە بیٚقەیدشەرت رەسمیەت پەیدا دەکات.

_ هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی هەرکات بێزار بوو ئەتوانیٚ فەوری کۆنگرەی ئەندامان راگەیەننو کۆنگرەی ناچاری دەگیرێت.

هەر کات رابەری حیزب بەر بەو ئازادیانە بگریت، دەچێتە لیستی رەشەوە بە سەرکوت لە بەرمبەر موخالفانی خۆیدا حسابی بۆ دەگرێتو فەوری کۆنگرە دەگیرێت.

تەنها مەرج ئەوەیە نابێت خلافی سیاسیت هەبێت، واتە ناتوانی حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق‌و حکمەتیەکان بە کۆمۆنست بناسی‌و لە ریزی کۆمۆنستەکاندا دایان نیشێنی

ئەم هەلە بقۆزنەوە بەدڵ‌و بەگیان بەرەو پیری برۆن، هەتا ئەتوانن‌و دەستان دەگات ئەم رزگاریە لە سونەتی رێکخراوەیی کۆمۆنیزمی کریکاری بلاوکەنەوەو بەهەموو کۆمۆنستێکی بگەیەنن‌و ئەو چوارچێوەیە تیك شکێنن، ئبداعە ئبداع، ئازادیە ئازادی

ئەمە تەنها دەروازەیە بۆ چارەسەری ئەو پەتاو قەیران‌و بەلایەی حیزبکەی منصور حکمتی گرتەوە.

بژی تەقوایی

هەلوشێ حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق